سودانی جەختیکردەوە لەگرنگی بەهێزکردنی پێوەندییەکان و دیالۆگی هاوبەش بە دژینەوەی چارەسەری قێرانەکان

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختیکردەوە لەگرنگی بەهێزکردنی پێوەندییەکان و دیالۆگی هاوبەش بە دژینەوەی چارەسەری قێرانەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە پشوازی کرد لە جێگری سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران بە کاروباری ستراتیژی محەمەد جەواد زەریف و شاندی یاوەری.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و چەنیەتی پەرەپێدانی هاوبەش لە بوارە جیاجیاکاندا خرانەڕوو، جگە لە تاوتوێ کردنی دواین پێشهاتەکانی سەر ئاستی ناوچەکە و گرنگی هەماهەنگی هەوەست و هەنگاوەکان بە پشتیوانی کردن لە ئاسایش و سەقامگیری نێودەوڵەتی.

لە بەشێکی تری دیدارەکەدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بەهێزکردنی هاوکاری و هەماهەنگی هاوبەش، لە بەرامبەر ئەو ئاستەنگ و پێشهاتانەی کە ناوچەکە بەخێوە دەیبینێت، و بەهێزکردنی پێوەندییەکان و دیالۆگی هاوبەش لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بە

دەزینەوەی چارەسەری بەردەوام بە ئەو پرس و قەیرانانەی کە ناوچەکە بەدەستییەوە دەناڵێنێت و دەستبەرکردنی مافی گەلان.

لە لای خۆیەوە زەریف سەاوی سەرۆک کۆماری ئێران مەسعود پزیشکیانی گەیاند سودانی و جەختی لەسەر گرنگی هەماهەنگی و هاوکاری کردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەشهات و ئاستەنگە جەراوجەرەکان.